حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
الدائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة
مديرية القبول المركزي

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون
بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

العدد:
التاريخ:  /  / ٢٠٢٣

ژمارە: ١٣١٦٩
ڕێکەوت: ٨/٧/٢٠٢٣ی زایینی
: ٢/٥/٢٧٢٣ی کوردی

**بۆ/ گشت زانکۆ حکومییە کانی هەرێم**
**بابەت / گشتاندن**

**سڵاو و ڕێز**

هاوپێچ ڕێنمایی گواستنەوەو دابەزینی قوتابیان/ خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) ، کە لە بەرواری (٢٠٢٣/٧/٢٢) دەست پێدەکات تاکو بەرواری (٢٠٢٣/٨/٣١) بەردەوام دەبێت بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ/ ڕێنمایی.**

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانینی بەڕێزتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن/ لەگەڵ بەرایبەکان.
- دۆسیەی دەرکردە.

## مەرج و ڕێنماییەکانی
## گواستنەوەو دابەزینی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم
## بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)

**ڕێنماییەکانی گواستنەوەو دابەزینی قوتابیان/ خوێندکاران:**

**بڕگەی یەکەم/ گواستنەوە:**
**بڕگەی یەکەم/ خاڵی یەکەم: گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان:**

ئەو کۆلێژ و بەشـــانەی ســـاڵی یەکەمیان (Foundation) دەبێت دەرچووانی ئەم قۆناغە ئەم بڕگەیە نایانگرێتەوە بەڵکو دەبێت قوتابی/ خوێندکار ساڵی ئەکادیمی تەواو کرد بێت.

قوتابیان/ خوێندکاران مافی گواســتنەوەیان هەیە لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت وەک لە خشتەی **ژمارە** (١) دا هاتووە:-

أ- دەبێت قوتابی/ خوێندکار ســاڵی یەکەمی بێت لە قۆناغی (یەکەم) لە بەشــەکەی ، واتە ســاڵی کەوتن یاخود دواخستنی نەبێت.
ب- قوتابی/ خوێندکار یەکەم بێت لە ســـەر ئاســتی بەش لە خولی یەکەم یاخود (هەوڵی یەکەم لەو زانکۆیانەی ســیســتەمی بۆلۆنیا پەیڕەو دەکەن وەلایەنی کەم (٦٠) کریدت ECTS ی وەرگرتبێت) و کۆنمرەی لە (٨٠%) کەمتر نەبێت.
ج- ساڵی پێشوو بۆیان ناچێتە سەر میچی خوێندن.
د- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە پێشتر بە سیستەمی (پاراڵێل) وەرگیراوە لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان ، دوای یەکەم بوونی لە سەر بەشەکەی و هەبوونی سەرجەم مەرجەکان لەکاتی گواستنەوەی بۆ کۆلێژێکی کۆنمرە بەرزتر خوێندنەکەی بە خۆڕایی دەبێت.
هـ- فەرمانی گواسـتنەوەی ئەم قوتابیانە لە وەزارەتەوە دەردەچێت و ئەگەر لێژنەی چاوپێکەوتنی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆکاندا لاریان هەبوو لە بەر هۆی تەندروســتی ئەوا دووبارە دەنێردرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ چارەسەر کردنی بابەتەکە.

**خشـــتەی ژمارە (١) ی گواســـتنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان بۆ بەشە هاوتاکانیان بە پێی برگەی (یەکەم) ی گواستنەوەو دابەزین**

| ژ | بەش لە کۆلێژەکانی زانکۆ | بەشی هاوتا لە کۆلێژەکانی زانکۆ |
|---|---|---|
| ١ | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری | کۆلێژی پزیشکی |
| ٢ | کۆلێژی زانست/ بەشی زیندەوەرزانی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٣ | کۆلێژ/ فاکەڵتی زانستە تەندروستییەکان/ مایکرۆبایۆلۆجی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٤ | سکوڵی تەندروستی/ میدیکەڵ مایکرۆبایۆلۆجی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٥ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ زانستی لابوری پزیشکی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٦ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ چارەسەری سروشتی | کۆلێژی پزیشکی |
| ٧ | کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی/ شیکاری نەخۆشییەکان | کۆلێژی پزیشکی |
| ٨ | بەشی پەرستاری (کۆلێژ و کۆلێژە تەکنیکییەکان) | کۆلێژی پزیشکی |
| ٩ | تاقیگەی پزیشکی/ زانکۆی ڕاپەڕین | کۆلێژی پزیشکی |
| ١٠ | تاقیگەی پزیشکی/ زانکۆی چەرموو | کۆلێژی پزیشکی |
| ١١ | کۆلێژ/ فاکەڵتی زانست/ بەشی کیمیا | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١٢ | کۆلێژی زانستە تەندروستییەکان/ کیمیای ژیانی کلینکی | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١٣ | کیمیای دەرمانسازی/ زانکۆی چەرموو | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١٤ | بەشی سڕکردن (کۆلێژ و کۆلێژە تەکنیکییەکان) | کۆلێژی دەرمانسازی |
| ١٥ | تەندروستی کۆمەڵ | کۆلێژی پەرستاری |
| ١٦ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ بەشی زانستی ئاژەڵ | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری |
| ١٧ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ بەشی بەروبوومی کێڵگەیی ، باخداری | کۆلێژی زانست/ بایۆلۆجی |
| ١٨ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ زانکۆی سەلاحەددین لە قۆناغی (یەکەم) گشتییە | دەرچووی یەکەم/ کۆلێژی پزیشکی/ ڤێتێرنەری<br>دەرچووی دووەم/ کۆلێژی زانست/ بایۆلۆجی<br>دەرچووی سێیەم/ کۆلێژی زانست/ کیمیا |
| ١٩ | کـۆلـێژی زانســـت/ژینـگە/ بە مەرجـێـک لە خـولی یەکەم دەرچووبێت و کۆنمرەی لە (٨٠%) کەمتر نەبێت ، وە لە وانەکانی (فیزیا - ماتماتیک) لە پۆلی دوانزە لە (١٦٠) کەمتر نەبێت. | کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوەکانی ئاو |
| ٢٠ | کۆلێژی زانســـتە ئەندازیارییەکشـــتوکاڵییەکان/ بەشی خاک و ئاو/ بە مەرجێک لە خولی یەکەم دەرچووبێت و کۆنمرەی لە (٨٠%) کەمتر نەبێت ، وە لە وانەکانی (فیزیا - ماتماتیک) لە پۆلی دوانزە لە (١٦٠) کەمتر نەبێت. | کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوەکانی ئاو |
| ٢١ | کۆلێژی زانست/ بەشی زەویناسی | کۆلێژی ئەندازیاری/ پترۆل |
| ٢٢ | کۆلێژی تەکنیکی زانستی/ پترۆل و کانزا | کۆلێژی ئەندازیاری/ پترۆل |
| ٢٣ | فیزیای پزیشکی/ زانکۆی چەرموو | ئەندازیاری/کارەبا |
| ٢٤ | کۆمپیوتەری کرداری/ زانکۆی چەرموو | ئەندازیاری/کۆمپیوتەر |
| ٢٥ | کیمیای کرداری/ زانکۆی چەرموو | ئەندازیاری/کیمیا |
| ٢٦ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ بەشی زانستی خۆراک و خۆراکی مرۆڤ | کۆلێژی زانست/ کیمیا |
| ٢٧ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ بەشی گەشتیاری توریزمی ژینگەیی | کۆلێژی زانست/ ژینگە |
| ٢٨ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ بەشی دارستان | کۆلێژی زانست/ زیندەوەرزانی |
| ٢٩ | کۆلێژی زانستە ئەندازیارییەکشتوکاڵییەکان/ بەشی کارگێری کشتوکاڵی وە پەرە پێدانی ناوچەی گوند نشین | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ کارگێری |
| ٣٠ | کۆلێژی زانست/ بەشی فیزیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی کارەبا |
| ٣١ | کۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی شارستانی |
| ٣٢ | کۆلێژی زانست/ بەشی کۆمپیوتەر | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی پرۆگرامسازی |
| ٣٣ | کۆلێژی زانست/ بەشی جیۆلۆجی | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی جیۆتەکنیک |
| ٣٤ | سکوڵی زانست/ پترۆلیۆم جیۆسایێنزی نەوت (Petroleum Geo Science) | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی نەوت |
| ٣٥ | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ بەشی ئامار | کۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک |

## برگەی یەکەم/ خاڵی دووەم:
## گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم:

گواستنەوە لە نێوان کۆلێژە هاوبەشەکان لە سیستەمی بۆلۆنیا بۆ سیستەمی ساڵانە و کۆرسات وە بە پێچەوانەوە دەبێت ، ئەگەر گواستنەوەکە لە سیستەمی ئاسایی بۆ سیستەمی بۆلۆنیا بوو ئەوا قوتابی/ خوێندکار دەگەڕێتەوە قۆناغی (یەکەم) بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا ناگەڕێتەوە قوناغی (یەکەم) ، هەروەکو لە نووسراومان ژمارە (٧٢٩٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) وە لە ژمارە (١٣٢٤١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/١٥) جەختی لە سەر کراوەتەوە.

قوتابی/ خوێندکار مافی گواستنەوەی لەکۆلێژە هاوبەشەکان دەبێت لە گشت قۆناغەکان ، جگە لە قۆناغی (یەکەم) لە نێوان زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ئەگەر یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت:-

أ- قوتابی/ خوێندکار دەرچووبێت لە خولی یەکەمدا بە پلەی باشە یان سەرووتر ، بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت دانیشتووی هەمان پارێزگایە یاخود نزیک ئەو شارەیە کە گواستنەوەی بۆ دەکرێت.

ب- قوتابی/ خوێندکار ئەگەر دایکی یاخود باوکی کۆچی دوایی کرد بێت لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ ، بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت کە وەفاتنامە (بيان الوفاه) و (صوره القيد) وە دانیشتووی هەمان پارێزگا یاخود نزیک ئەو شارە بێت کە گواستنەوەی بۆ دەکرێت ، ئەگەر کۆچ کردنەکە لە ساڵانی خوێندن نەبوو ، ئەوا گواستنەوەکە بە سیستەمی (پارالێل) بە نیوەی پارەی (پارالێل) دەبێت.

ج- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار هاوسەرگیری ببەستێت لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ ، بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت لە گرێبەستی هاوسەرگیری ، وێنەی ڕەسەنی تۆماری باری شارستانی (صوره القيد)ی ڕەسەن و بە فەرمی تۆمار کردنی لە لیستی باری شارستانی و دڵنیایی دەرچوون (صحه الصدور) بۆ بەڵگەنامەکان بکرێت ، بە هەمان شێوە بۆ ئافرەت ڕەچاوی جیابوونەوەی خێزانی (طلاق) بکرێت و لە کاتی دەرکەوتنی هەر ساختەکارییەک لە بەڵگەنامەکان لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت ، ئەگەر هاوسەرگیری کردنەکە لە ساڵانی خوێندن نەبوو ، ئەوا گواستنەوەکە بە سیستەمی (پارالێل) بە نیوەی پارەی (پارالێل) دەبێت.

د- هەر قوتابی/ خوێندکارێک (تەنها بۆ ڕەگەزی مێینە) لە ساڵانی خوێندنی زانکۆ منداڵی ببێت و بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت ، ئەگەر منداڵ بوونەکە لە ساڵانی خوێندن نەبوو ، ئەوا گواستنەوەکە بە سیستەمی (پارالێل) بە نیوەی پارەی (پارالێل) دەبێت.

هـ- منداڵی (کوڕ و کچ) ی شەهید و ئەنفال کراوەکان مافی گواستنەوەیان هەیە لە نێوان زانکۆکان بۆ هەمان بەشی کۆلێژ/ پەیمانگە کە لێی وەرگیراون و بە نووسراوی پشتگیری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ، بە واژووی بەڕێوبەری گشتی کەمتر نەبێت.

و- قوتابی/ خوێندکاری (کوڕ و کچ) ی مامۆستایانی زانکۆ لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە (مامۆستای یاریدەدەر ، مامۆستا ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر ، پرۆفیسۆر) مافی گواستنەوەیان هەیە ئەگەر دەرچووبن ، هەروەها (کوڕ و کچ) ی فەرمانبەرانی زانکۆکان و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا ، بە مەرجێک ساڵانی خزمەتی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

ز- گواستنەوە لە سیستەمی (ئینتیگرەیشن بۆ سیستەمی تری ئینتیگرەیشن) ئەنجام دەدرێت لە هەموو قۆناغەکاندا بە پێی مەرجەکانی گواستنەوە ، وە گواستنەوەکە بە سیستەمی (پارالێل) دەبێت لە قۆناغی (یەکەم) دا بە مەرجی وەرگرتنی کۆنمرەی لە ساڵی وەرگرتن بە پێی نووسراومان ژمارە (٧٢٩٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢).

ح- قوتابی/ خوێندکار لە خوێندنی (بەیانیان) مافی گواستنەوەی هەیە بۆ خوێندنی (ئێواران) ، بە مەرجێک لە هەمان پسپۆری خۆیدا بێت ، دوای لاری نەبوونی هەردوولا بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و توانای بەش و کۆنمرەو کرێی خوێندنی (ئێواران) لەو بەشە.

ط- (قوتابیان/ خوێندکاران) ی کۆلێژە (ئەهلییەکان) بە هیچ شێوەیەک مافی گواستنەوەو دابەزین و میوانداریان نییە بۆ زانکۆ و کۆلێژە (حکومییەکان).
ی- گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە بەشەکانی (ئێواران) بۆ بەشەکانی هاوشێوەی (بەیانیان) ناکرێت لە بەر جیاوازی کۆنمرەی پێشبڕکێ.
ک- هەموو گواستنەوەیەکی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان کۆلێژ و فاکەڵتی و پەیمانگەکان بە ڕێگای کۆلێژ و فاکەڵتی و پەیمانگەکان و سەرۆکایەتی زانکۆکان دەبێت (بە پێی ڕێزبەندی و پەیوەندی).
ل- بەرابەرکردن و مەقاسەکردنی وانەکان لە لایەن بەشی زانستی داواکراودا ئەنجام دەدرێت ، لەگەڵ ناردنی لیستی ئەو وانانەی کە خوێندویەتی لەگەڵ یەکەکان لە ساڵانە و وەرزییەکاندا بە شێوەیەک (ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لە دوو وانەی ساڵانە یاخود چوار وانەی وەرزی بوو دەبێت قۆناغێک دابەزێندرێت) ، وە لە کاتی پێشبڕکێ لە سەر گواستنەوەکان لە یەک پرۆسەدا ڕەچاوی کۆنمرەی قۆناغەکەیان دەکرێت و هەموو فەرمانی گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران بە واژووی سەرۆکی زانکۆکان دەبێت بە پێی پەیوەندی گواستنەوەکە.
م- گواستنەوە لە نێوان سیستەمە هاوشێوەکاندا (زانکۆ لاین ، پارالێل ، ئێواران) ئەنجام دەدرێت بە پێی ڕێنماییەکان.
ن- زانکۆکان بۆیان هەیە لە ڕێگای لێژنەیەکی پزیشکی تایبەتەوە سەیری داوای گواستنەوەی هەندێ لە قوتابیان/ خوێندکاران بکەن بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن جگە لە (قۆناغی یەکەم) بۆ هەمان بەش بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان بە هۆی ئەو نەخۆشییانەی کە زۆر سەخت و قورس و بەردەوام و درێژخایەن و ترسناک و چارەسەریان زەحمەتە و بە فیعلی پێویست دەکات لە ژێر چاودێری خانەوادەکانیاندا بن جگە لە (نەخۆشییە دەروونیەکان کە دەبێت ساڵی خوێندنیان بۆ دوابخرێت تاکو تێپەراندنی حاڵەتەکەیان).

**خشتەی تایبەت بە بنکە پزیشکییەکان لە سنووری پارێزگاکان.**

| ژمارە | پارێزگا | بنکە | زانکۆ |
|---|---|---|---|
| ١- | هەولێر | بنکەی زانکۆی هەولێری پزیشکی | ا- سەلاحەددین ب- کۆیە ج- هەولێری پزیشکی د- سۆران هـ- پۆلیتەکنیکی هەولێر |
| ٢- | سلێمانی | بنکەی کۆلێژی پزیشکی سلێمانی | ا- سلێمانی ب- ڕاپەڕین ج- هەڵەبجە د- چەرموو هـ- پۆلیتەکنیکی سلێمانی |
| ٣- | دهۆک | بنکەی کۆلێژی پزیشکی دهۆک | ا- دهۆک ب- زاخۆ ج- پۆلیتەکنیکی دهۆک |
| ٤- | گەرمیان | بنکەی کۆلێژی پزیشکی گەرمیان | ا- گەرمیان ب- پۆلیتەکنیکی گەرمیان |

١- قوتابی/ خوێندکار لەگەڵ داواکاری گواستنەوە گشت ڕاپۆرت و دۆکۆمێنتە پزیشکییەکان کە باری تەندروستی قوتابی/ خوێندکار دەسەلمێنێت هاوپێچ دەکات کە ئاماژە بەوە دەدات بە فیعلی پێویست دەکات قوتابی/ خوێندکار لە ژێر چاودێری خانەوادەکانیاندا بن بە هۆی ئەو نەخۆشییانەی کە زۆر سەخت و قورس و درێژخایەن و ترسناک و چارەسەریان زەحمەتە.
٢- لێژنەی پزیشکی تایبەت بە کاروباری گواستنەوە لە زانکۆکان وەڵامی نووسراوەکە دەداتەوە بۆ ئەو زانکۆیەی کە نووسراوی بۆ ئاراستە کردووە بە ڕاپۆرتێک کە تێیدا باری قورسی نەخۆشییەکە و پێویستی

قوتابی/ خوێندکار بۆ درێژە پێدانی خوێندنی لە نزیک کەس و کاریەوە ، نابێت بڕیاری لێژنەی پزیشکی تایبەت بە گواستنەوە گۆڕانکاری تێدا بکرێت ، واتا بۆ هەر حاڵەتێک یەکجار بڕیاری لە سەر دەدرێت.
٣- دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی لێژنەی پزیشکی تایبەت ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوەی بۆ کراوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆلێژ و بەش لەڕووی (مەقاسە و سەربارکردن) وەڵامی ئەو زانکۆیەی کە گواستنەوەی بۆ دەکرێت دەداتەوە.
س- لە بەر ئەوەی هەموو مامەڵەکانی گواستنەوە لە نێوان زانکۆکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم پێویستی بە ڕەزامەندی هەردوو لایەنی پەیوەندیدار دەبێت ، بۆیە دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندی بەشی زانستی کۆلێژ و فاکەڵتی و سکوڵی ئەو زانکۆیە بکرێت ، لە کاتێک دا کە لە ڕوانگەی زانستییەوە لاری نەبوونیان نیشان نەدا لە سەر مامەڵەی گواستنەوەکە.
ع- نابێت ڕێژەی ڕۆیشتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکی زانستی لە (٢٠%) تێپەڕێت و ڕێژەی وەرگرتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکدا لە (١٠%) تێپەڕێت ، وە لە کاتی داوای زیاتر مامەڵەکانیان کۆ دەکرێتەوەو لە یەک پرۆسەدا بە پێی پێشبڕکێی کۆنمرەی دەرچووان لەو قۆناغەدا ڕێژەکەیان لێ وەردەگیرێت و لە مامەڵەی گواستنەوەکەدا ئاماژەی پێبکرێت.
ف- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کەگواستنەوەیان بۆ دەکرێت دەبێت لەڕێگای ناوەندی وەرگرتنەوە وەرگیرابن.

**بڕگەی یەکەم/ خاڵی سێ یەم:**

**گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم سنووردار دەبێت لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ، جگە لە (قۆناغی یەکەم) کە گواستنەوەی تێدا ناکرێت بەم شێوەی خوارەوە:-**

أ- مامەڵەی گواستنەوەیان بۆ دەکرێت بە هەمان مەرجی گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم وەکو لە خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم/ خاڵی دووەم) دا هاتووە بۆ هەمان قۆناغ و بەشی هاوتا لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێم و هاوسەنگی وانەکانیان بۆ دەکرێت بە پێی ڕێنماییەکان.
ب- ڕەچاوی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بکرێت بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە وانە پسپۆرییەکانی (المفاضله) بە پێی پلانی وەرگرتنی ساڵەکانی وەرگرتنیان.
ج- شایستە بوونی خودی بڕوانامەکانیان بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم لە کاتی شایستە نەبوونی دا بۆ ئەو بەشە ، وەکو (دواناوەندی پیشەیی و قوتابخانە ئاینییە نارەسمییەکان و هاوشێوەیان) گواستنەوەیان بۆ ناکرێت.
د- گواستنەوە لە نێوان کۆلێژ و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقافی پێشووی عێراق (الوقف السنی) و (الوقف الشیعی) ئێستاکە بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ناکرێت ، چونکە ئەوانە تایبەتمەندی پیشەیی بە وەزارەت و فەرمانگەکانیان هەیە.
ه- دەبێت خانەوادەی قوتابی دانیشتووی هەرێم بێت و بۆ ئەمەش پشتگیری پارێزگای شارەکان و پشتگیری شوێنی کارو نیشتەجێ بوونی باوک یاخود دایکی هەبێت.
و- گواستنەوە بە پێی توانا و ڕەزامەندی بەش و کۆلێژەکان دەبێت ، لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجام دەدرێت بە پێی ڕێژەی دیاری کراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.
ز- مامەڵەی گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار دەست پێ دەکات لە (ماوەی گواستنەوە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم و عێراقی فیدراڵ) لەو کۆلێژ/ پەیمانگەیەی کە قوتابی/ خوێندکار داوای گواستنەوەی لێ دەکات مامەڵەکە دەست پێ دەکرێت ، بە هاوپێچ کردنی سەربردەی خوێندکار (سیره الطالب الدراسیه) لەگەڵ لیستی ئەو وانانەی کە خوێندویەتی لەگەڵ یەکەکان لە ساڵانە و وەرزییەکاندا : (المواد الدراسیه والوحدات فی السنوات والفصول الدراسیه) وە لەوێشەوە ڕاستەوخۆ بە نووسراوی

فەرمی دەنێردرێتە ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوەی بۆ دەکات لە هەرێمدا ، لە لایەن زانکۆیەکە لە هەرێمدا دەنێردرێتە کۆلێژ/ پەیمانگەی داواکراو لە حاڵەتی لاری نەبووندا هاوتاو مەقاسەکردنی وانەکانی لە بەشی زانستی داواکراو بۆ دەکرێت بە شێوەیەک (ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لە دوو وانەی ساڵانە یاخود چوار وانەی وەرزی بوو دەبێت قۆناغێک دابەزێندرێت) ، دوای ئەوە دەنێردرێتەوە تۆماری زانکۆ و کاری پێویست ڕاستەوخۆ بێ گەڕانەوە بۆ وەزارەت وەڵامی خودی ئەو زانکۆیەی کە داوای گواستنەوەی لێ کردووە دەدەنەوەو وێنەیەکیش دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێم.

ح- هەموو گواستنەوە یاخود میوانداریيەکی بە کۆمەڵ و نیمچە کۆمەڵ لە شێوازی (قوتابیان/ خوێندکارانی یەزیدی و شەبەک ...هتد) لە لایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێت بە ڕاوێژ لەگەڵ زانکۆکان میکانیزمی جێبەجێ کردنی بۆ دادەنرێ.

ط- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی دەرچووی ئامادەییەکانی هەرێمن و لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی ناوەند و باشوور وەرگیراون یاخود وەردەگیرێن ، مافی گواستنەوەو میوانداریان نییە بۆ زانکۆکانی هەرێم بە پێی ڕێنمایی و بەڵێننامەکانیان ، بێجگە لە وانەی بە فەرمانی وەزاری ژمارە (ن/١٦٧) لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٣/٥) ڕەزامەندیان بۆ دراوە.

ی- قوتابی/ خوێندکاری دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی دەرەوەی هەرێم مافی پێشکەش کردنیان نییە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ، دەرچووانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن و لە لایەن لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەت بە پێی شایستەبوونی نمرەکانیان سەیری داواکارییەکانیان دەکرێت.

## بڕگەی یەکەم/ خاڵی چوارەم:
## گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکارانی دەرەوەی وڵات بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم:

أ- قوتابی/ خوێندکاری قۆناغی (یەکەم) ئەگەر پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە ناو هەرێم یاخود لە ئامادەییەکانی دەرەوەی هەرێم یاخود لە ئامادەییەکانی عێراقی فیدراڵ تەواو کردبێت و لە یەکێک لە کۆلێژەکانی دەرەوەی وڵات وەرگیرا بێت ، ئەوا بە پێی کۆنمرەی سیستەمی (پارالێل) لە هەرێمدا لە ساڵی داواکردن دادەنرێت بە تەواوی کرێی خوێندنی سیستەمی (پارالێل).

ب- قوتابی/ خوێندکاری قۆناغەکانی تر واتە لایەنی کەم ساڵێکی ئەکادیمی تەواو کرد بێت ، ئەگەر پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە ناو هەرێم یاخود لە ئامادەییەکانی عێراقی فیدراڵ تەواو کرد بێت و لە یەکێک لە کۆلێژەکانی دەرەوەی وڵات وەرگیرا بێت ، بە مەرجێک زانکۆ/ کۆلێژی حکومی یاخود تایبەت بن و لە زانکۆ بڕوا پێکراوەکان بن و لە لیستی یونسکۆ و بیبلۆگرافیای یەکێتی زانکۆکانی جیهان تۆمار کرابن ، ئەوا لە هەمان پسپۆری و بەش و کۆلێژ وەردەگیرێتەوە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم بە پێی سیستەمی خوێندنی (پارالێل) ، بە مەرجێک کۆنمرەکەی بەو سیستەمە وەرگیرا بێت و بە پێی بەرابەری و مەقاسەکردنی وانەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ زانکۆکان مەقاسە دەکرێت و قۆناغەکەی بۆ دیاری دەکرێت ، ئەگەر کۆنمرەکەی وەرنەگیرا بوو لەم بەشە وەرناگیرێت ، بەڵکو بە پێی کۆنمرەکەی لە ساڵی دەرچوونیدا ڕەچاوی وەرگرتنی بۆ دەکرێت.

ج- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار لە قوتابخانەیەکی بڕوا پێکراو پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە دەرەوەی وڵات تەواو کردبێت و لە هیچ کۆلێژێک یاخود پەیمانگەیەک وەرنەگیرا بێت یاخود لە قۆناغی (یەکەم) دا بێت ئەوا:-

١ - بڕوانامەکەی یەکسان دەکرێت لە وەزارەتی پەروەردە.

٢- لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆر لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دوای هەڵسەنگاندنی بابەتەکەی بە پێی کۆنمرەکەی شوێنی بۆ دیاری دەکرێت.

د- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە دەرەوەی وولات تەواوکردبێت و لە یەکێ لە زانکۆ/ پەیمانگەکانی بروا پێکراو و تۆمار کراو لە لیستی یونسکۆ و یەکێتی زانکۆکانی جیهان لە قۆناغەکانی تر بێت جگە لە (قۆناغی یەکەم) ئەوا لە هەمان پسپۆری بەش و کۆلێژ و زانکۆ یاخود پەیمانگە وەردەگیرێت کە بۆی شیاوە جگە لە (کۆمەڵەی پزیشکی) کە دەبێت کۆنمرەی (٨٠%) کەمتر نەبێت ، بۆ کۆلێژەکانی پەرستاری و زانستە تەندروستییەکان (٧٥%) کەمتر نەبێت ، لە لایەن لێژنەی زانستی بەشەوە هاوسەنگی بۆ دەکرێت و قۆناغی خوێندنەکەی بۆ دیاری دەکرێت بە شێوەیەک (ئەگەر زیاتر لە دوو وانەی ساڵانە یاخود زیاتر لە چوار وانەی وەرزی داواکراو بوو ئەوا قۆناغێک دادەبەزێنرێت) ، بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی بەرابەرکردن و سەربار (المقاصە والتحمیل) کە بە نووسراومان ژمارە (٢٢٦٠٤/٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٢/٢) گشتاندن کراوە (گواستنەوەی ئەم قوتابیانە بە سیستەمی پاراڵێل دەبێت).

**بڕگەی یەکەم/ خاڵی پێنجەم:**
**گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێم بۆ زانکۆکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق:**

أ- هەر قوتابی/ خوێندکارێک ئەگەر داوای گواستنەوە بکات لە زانکۆکانی هەرێم (کۆلێژ و پەیمانگەکان) بۆ زانکۆ و پەیمانگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەبێت ڕەزامەندی هەردوو زانکۆ وەربگیرێت و مامەڵەی گواستنەوە لە زانکۆکانی هەرێم دەست پێدەکات ، دوای ڕەزامەندی هەردوولا بێ گەڕانەوە بۆ وەزارەت فەرمانی زانکۆیی بۆ دەردەچێت ، ئینجا وێنەیەک (لەگەڵ بەراییەکان) دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن.
ب- کار ئاسانی دەکرێت لە ڕوانگەی ڕێنماییەکان بۆ گەڕانەوەی ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە زانکۆکانی ناوەند و باشوور بە گواستنەوە هاتوون بۆ شوێنەکانی خۆیان.

**بڕگەی یەکەم/ خاڵی شەشەم:**
**گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکارانی هەرێم بۆ دەرەوەی وولات:**

أ- گواستنەوەکە بۆ بەش و کۆلێژ و پەیمانگەی هاوشێوە دەبێت.
ب- دەبێت لاری نەبوونی فەرمی بەش و کۆلێژ و پەیمانگەی خۆی هەبێت.
ج- ڕەزامەندی فەرمی زانکۆ/ کۆلێژ و پەیمانگەی داواکراوی هەبێت.
د- ڕەزامەندی زانکۆی خۆی هەبێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە زانستی و کارگێری و داراییەکان ، دوای ئەوە مامەڵەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ پەسەندکردن و دواتر دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی.

**برگەی یەکەم/ خاڵی حەوتەم:**

**گواستنەوە بە شێوەی سیستەمی (پارالێل) بۆ ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی بە شێوەی گشتی وەرگیراون:**

أ- گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکاری وەرگیراو لە قۆناغی (یەکەم) دا بەدەر لە ڕێنمایییەکانی گواستنەوە لە نێوان بەشەکانی کۆلێژ و پەیمانگەی هاوشێوەدا لە زانکۆ حکومییەکاندا بە پێی ڕێنمایییەکانی وەرگرتنی سیستەمی خوێندنی (پارالێل) دەبێت ، وە تەواوی پارەی دیاریکراو لە ڕێنمایییەکانی (پارالێل) دەدات.
ب- دەرفەتی گواستنەوە لە سەرووی قۆناغی (یەکەم) لە کۆلێژ و بەشی پەیمانگەی هاوشێوەدا بە دەر لە ڕێنمایییەکانی گواستنەوە بە شێوازی (پارالێل) دەبێت ، وە بە نیوەی پارەی دیاریکراو لە ڕێنمایییەکانی (پارالێل) دا.

**برگەی دووەم/ دابەزین:**
**برگەی دووەم/ خاڵی یەکەم :**
**دابەزینی ئاسایی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران:**

**(لەکاتی دابەزیندا بۆ بەشەکانی سیستەمە جیاوازەکان نمرەی وەرگیراو لەو بەشانە بە پێی سیستەمی وەرگرتن لە ساڵی وەرگرتن ڕەچاو دەکرێت).**
ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە وەردەگیرێن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم مافی دابەزینیان دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-
أ- لە قۆناغی (یەکەم) دا ساڵی یەکەمی بێت و مامەڵەی پاڵاوتنی تەواو کردبێت و بە پێی کەمترین کۆنمرەی بەش.
ب- لە قۆناغی (یەکەم) دا مابێتەوە یاخود خوێندنی تیادا دواخستبێت ، بە مەرجێک لە یەک ساڵ زیاتر نەمابێتەوە دەتوانرێت بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان یاخود نزیک لەو دابەزین بکەن بۆ ئەو کۆلێژ/ پەیمانگەیەی کە نمرەکانیان تیادا وەرگیرا بێت ، بە پێی کۆنمرەی ساڵی وەرگرتنیان لەگەڵ هەژمارکردنی ساڵی کەوتن یاخود دواخستنی لە میچی خوێندن.
ج- دەرچووبێت لە قۆناغی یەکەم بۆ قۆناغی دووەم ، بە مەرجێک ساڵی کەوتن و دواخستنی نەبێت لە قۆناغی (یەکەم و دووەم) کۆنمرەی وەرگیرا بێت لە ساڵی وەرگرتنیدا لەگەڵ هەژمار کردنی ئەو ساڵە لە میچی خوێندن.
د- لە خوێندنی (ئێواران) قوتابی/ خوێندکار مافی دابەزینی هەیە بۆ بەشێکی تری (ئێواران) یاخود هەر بەشێکی تر بە ڕەچاوکردنی کۆنمرەی وەرگیراو لە ساڵی وەرگرتنی و سەرەڕای خاڵەکانی تری ڕێنمایییەکانی دابەزین ، بە مەرجێک دوو ساڵ بە سەر دەرچوونی لە ئامادەیی تێپەرنەبووبێت ، ئەم مەرجە بۆ (بەیانیان و ئێوارانیش) پەیرەو دەکرێت.
هـ- دابەزین بۆ ئەو بەشانە ناکرێت کە مەرجی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی جەستەیی و هونەری و شایستەییان تێدا مەرجی وەرگرتن بووە ، وەکو (پەروەردەی وەرزشی ، هونەرە جوانەکان ، خوێندنی ئیسلامی...هتد) وە بە پێی ساڵی وەرگرتنیان.
و- نابێت ڕێژەی ڕۆیشتنی دابەزین لە هەر بەشێکی زانستی لە (٢٠%) تێپەرێت و ڕێژەی وەرگرتنی دابەزێندراوەکان لە هەر بەشێکدا لە (١٠%) تێپەرێت ، وە لە کاتی داوای زیاتر مامەڵەکانیان کۆ دەکرێتەوەو لە یەک پرۆسەدا بە پێی پێشبڕکێی کۆنمرەی دەرچوونیان ڕێژەکەیان لێ وەردەگیرێت.
ز- داواکاری گواستنەوەو دابەزین بۆ ئەوانەی لە ساڵی پێشتر وەرگیراون لە (٢٠٢٣/٧/٢٢) تاکو (٢٠٢٣/٨/٣١) دەبێت ، بە مەرجێک دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی لە (٢٠٢٣/٩/١٦) تێنەپەرێت.

## برگەی دووەم/ خاڵی دووەم :
## دابەزینی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران بە شێوەی سیستەمی خوێندنی (پاراڵێل):

لەکاتی دابەزیندا بۆ بەشەکانی سیستەمە جیاوازەکان نمرەی وەرگیراو لەو بەشانە بە پێی سیستەمی وەرگرتن لە ساڵی وەرگرتن ڕەچاو دەکرێت.

أ- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە دوو ساڵ یاخود زیاتر بە سەر وەرگرتنیان تێپەربووبێت و لە قۆناغی (یەکەم یاخود دووەم) دا بن بۆیان هەیە داوای دابەزین بکەن ، ئەگەر دابەزینەکە لە سیستەمی ئاسایی بۆ سیستەمی تری ئاسایی بوو ئەوا (٥٠%) ی پارەی سیستەمی خوێندنی (پاراڵێل) یان لێ وەردەگیرێت بۆ هەر ساڵێکی خوێندن ، وە ئەگەر دابەزینەکە لە سیستەمی ئاسایی بۆ سیستەمی (پاراڵێل) بوو ئەوا تەواوی پارەی سیستەمی خوێندنی (پاراڵێل) یان لێ وەردەگیرێت بە پێی نووسراومان ژمارە (٧٢٩٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢) بە مەرجێک کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار لە ساڵی وەرگرتنی لەو بەشە وەرگیرا بێت بە ڕەچاو کردنی ساڵانی خوێندن لە میچی خوێندن.
ب- ئەو قوتابیانەی کە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان بۆ کراوە (ئەوانەی دوو ساڵ و زیاتر) بە سەر وەرگرتنیان تێپەڕیوە یاخود سڕینەوەی ناویان بۆ کراوە لە قۆناغی (یەکەم و دووەم) مافی دابەزینیان دەبێت بە شێوەی سیستەمی (پاراڵێل) بە پێی ڕێنماییەکانی دابەزین و شایستەی وەرگرتنیان بە شێوازی (پاراڵێل بە ١٠٠% ی کرێی پاراڵێل).

## برگەی سێیەم:
## میوانداری کردنی قوتابیان/ خوێندکاران:

أ- قوتابی/ خوێندکار دەتوانێت لە هەموو قۆناغەکاندا میوانداری بکات جگە لە (قۆناغی کۆتایی) ، میوانداری تەنها بۆ حاڵەتی بارودۆخی ناچار (ظروف قاهرة) دەبێت یاخود بە هۆی ئەو نەخۆشییانەی کە زۆر سەخت و قورس و بەردەوام و درێژخایەن و ترسناک و چارەسەریان زەحمەتە و بە فیعلی پێویست دەکات لە ژێر چاودێری خانەوادەکانیاندا بن جگە لە (نەخۆشییە دەروونیەکان کە دەبیت ساڵی خوێندنیان بۆ دوابخرێت تاکو تێپەراندنی حاڵەتەکەیان).
ب- بۆ سیستەمی میوانداری ڕەچاوی ڕێنماییەکانی میوانداریەتی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت ، کە بە نووسراوی وەزارەتمان ژمارە (٢٦٠١/٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/٢/١١) گشتاندنی پێکراوە جگە لە خاڵی (١٥) ی ئەم نووسراوە کە ئاماژە بەوە دەدات (قوتابی/ خوێندکاری میواندار مافی وەرگرتنی بەشی ناوخۆیی و دەرماڵەی نییە) ئەم خاڵە کاری پێناکرێت.
ج- میوانداری بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە زانکۆ و کۆلێژە (ئەهلییەکان) لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ زانکۆ (حکومییەکان) ی هەرێم.
د- ساڵانە دەبێت میوانداری قوتابی/ خوێندکار نوێ بکرێتەوە.
هـ- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە زانکۆکانی عێراق فیدراڵەوە میوانداری دەکەن بۆ زانکۆکانی هەرێم ، ئەوا بە سیستەمی (پاراڵێل) میوانداریان بۆ دەکرێت بە نیوەی تێچووی خوێندنی (پاراڵێل) ، واتە لە (٥٠% ی کرێی پاراڵێل) بە زانکۆی میواندار دەدات جگە لە (قوتابیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و کوردانی ناوەڕاست و باشووری عێراق).
و- سەبارەت بە میوانداری کردن لە نێوان زانکۆکانی هەرێم ، ئەگەر قوتابی/ خوێندکار بە سیستەمی (پاراڵێل) وەگیرابوو ، ئەوا میوانداریەکەی بۆ دەکرێت بە نیوەی تێچووی خوێندنی (پاراڵێل) ، واتە لە (٥٠% ی کرێی پاراڵێل) بە زانکۆی میواندار دەدات ، وە ئەگەر وەرگرتنەکەی بە سیستەمی خوێندنی ئاسایی بوو ، ئەوا میوانداریەکە بە خۆڕایی دەبێت.

## برگەی چوارەم:
## ڕاکێشانی دۆسیە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان:

أ- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار تەنها ساڵێکی خوێندن بە سەر ڕاکێشانی دۆسیەکەی تێپەڕی بوو دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەمان بەش کە لێی وەرگیراوە ، وە ئەم ساڵە لە میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.
ب- ئەگەر زیاتر لە ساڵێکی خوێندن لە سەر ڕاکێشانی دۆسیەکەی تێپەڕیوبێت و لە قۆناغی (یەکەم) دا بێت ئەوا بە تێکڕای تێچووی سیستەمی خوێندنی (پارالێل) دەگەڕێتەوە ، بەڵام ئەگەر لە سەرووی قۆناغی (یەکەم) دا بێت ئەوا بە نیوەی ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە.
ج- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار دامەزراو بێت دەبێت پاڵپشت بە یاسای ڕاژەی شارستانی ماوەی (٢) دوو ساڵ خزمەتی فیعلی هەبێت ئینجا مافی گەڕانەوەی بۆ خوێندن دەبێت.
د- لە کاتی ڕاکێشانی دۆسیە (بە ڕەزامەندی زانکۆ) ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە قوتابی/ خوێندکار ناگیرێتە بەر سەبارەت بە بابەتی (کەفالە) بۆ زانکۆ.
هـ- قوتابی/ خوێندکاری (پارالێل و ئێواران) لە کاتی ڕاکێشانی دۆسیە لە زانکۆ ئەو قیستانەی کە داویەتی بە زانکۆ بۆی ناگەڕێتەوە ، وە ئەگەر پاکتاوی شایستەی دارایی ساڵانی پێشووتری نەکردبوو ، پێویستە بیکات وە شایستە داراییەکە بداتەوە بە زانکۆ ، دواتر فەرمانی زانکۆیی ڕاکێشانی دۆسیە و سڕینەوەی ناوی بۆ بکرێت دۆسیەکەی وەربگرێتەوە.

## برگەی پێنجەم:
## گەڕانەوەی ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە سڕینەوەی ناو (تەرقین قید) وە یاخود هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان بۆ کراوە:

ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە ناویان لە زانکۆکاندا سڕاوەتەوە واتە (تەرقین قید) کراون لە زانکۆ و پەیمانگەکانی (حکومی) دەگەڕێنەوە بۆ خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە:-
أ- پێدانی دەرفەتی گەڕانەوەی گشت ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە ناویان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی (حکومی) سڕاوەتەوەو تەرقین قید کراون لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ سەر خوێندنی پێشویان لەو قۆناغەی کە لێی تەرقین قیدکراون بە سیستەمی (پارالێل) ی پەیرەو کراو لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بێ ڕەچاو کردنی مەرجی تەمەن (قوتابی/ خوێندکار تەنها دوو جار سوود مەند دەبێت لەم خاڵە).
ب- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی تەرقین قید کراون کە دەگەڕێنەوە بە سیستەمی خوێندنی (پارالێل) دوای ڕەچاو کردنی یاسای ڕاژەی شارستانی سەبارەت بە ساڵانی خزمەت ، کرێی خوێندنیان لەو قۆناغەی کە بۆی دەگەڕێنەوە بە پێی وانە داواکراوەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

| ژ | ژمارەی وانەی کەوتن لە سیستەمی ساڵانە | ژمارەی وانەی کەوتن لە سیستەمی کۆرسات | ڕێژەی وەرگرتنی کرێی خوێندن |
|---|---|---|---|
| ١- | یەک تا دوو وانە | یەک تا سێ وانە | (%٣٠) |
| ٢- | سێ وانە | چوار وانە | (%٤٠) |
| ٣- | چوار وانە و زیاتر | پێنج وانە و زیاتر | (%٧٥) |

- وە لە قۆناغەکانی تردا لە (%١٠٠) ی پارەی سیستەمی خوێندنی (پارالێل) دەبێت.
- وە ئەو برگەیە تێکڕای وەرگیراوان بە پێی سیستەمی خوێندنی (پارالێل) لە خوێندنی بەرایی دەگرێتەوە.

ج- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی تەرقین قید کراون لە قۆناغی (یەکەم یاخود دووەم) دان ، دوای گەڕانەوەیان داوای دابەزین دەکەن ئەوا بە سیستەمی خوێندنی (پارالێل) بە تێچووی (١٠٠% ی پارەی پارالێل) دەبێت بۆ ئەو بەشەی کە داوای دابەزینی بۆ دەکات ، بە مەرجێک کۆنمرەکانیان شایستەی وەرگرتن بێت لە ساڵی وەرگرتن بە سیستەمی (پارالێل).

د- ئەو قوتابیانەی کە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنیان بۆ کراوە (ئەوانەی دوو ساڵ و زیاتر) بە سەر وەرگرتنیان تێپەڕیوە مافی گەڕانەوەیان پێ دەدرێت بە پێی ڕێنماییەکانی سیستەمی (پارالێل) ، دوای گەڕاندنەوەیان بە پێی ڕێنماییەکان مافی گواستنەوەیان دەبێت بە شێوەی سیستەمی خوێندنی (پارالێل) ، بە مەرجێک (٥) ساڵ بە سەر دەرچوونی لە پۆلی دوانزەدا تێپەرنەبووبێت بە پێی ڕێنماییەکانی سیستەمی (پارالێل) ئەم خاڵە بەشەکانی خوێندنی (ئێوارانیش) دەگرێتەوە.

هـ - ئەوانەی ئەو فەرمانە دەیانگرێتەوە (مەقاسەیان) بۆ دەکرێت ، ئەگەر زیاتر لە دوو بابەتیش سەربار کران بۆ قۆناغێکی دواتر ناگەڕێنەوەو لە قۆناغی خۆیاندا سەربار دەکرێن.

و- ئەم بڕیارە ئەو قوتابی/ خوێندکارانە ناگرێتەوە کە ناویان سڕاوەتەوە (ترقين قيد) کراون بە هۆی گزی کردن (غش) یاخود سزا درا بن بە پێی یەکێک لە خاڵەکانی (ماددەی شەش) لە ڕێنماییەکانی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٠٩) ی تایبەت بە ڕێکاری قوتابیان/ خوێندکاران.

ز- ئەو قوتابیانەی کە تەرقین قید کراون و دەگەڕێنەوە بە سیستەمی خوێندنی (پارالێل) ڕەچاوی میچی خوێندنیان بۆ ناکرێت ، بەڵام بۆ هەر ساڵێکی خوێندنی مانەوەی بە پێی ڕێژە یاخود ساڵی خوێندنی پارەی خوێندنی سیستەمی (پارالێل) یان لێ وەردەگیرێت **(قوتابی/ خوێندکار تەنها دوو جار سوود مەند دەبێت لەم خاڵە).**

**(قوتابی/ خوێندکار دوای گەڕانەوە لەتەرقین قید لەم حاڵەتانەدا دووبارە تەرقین قید دەکرێتەوە):**

*** ئەگەر لەهەمان قۆناغ لە ساڵی گەڕانەوەی دەرنەچوو.**

*** ئەگەر لە قۆناغەکانی تر دا دوو ساڵ لە سەر یەکتر دەرنەچوو.**

ح- قوتابی/ خوێندکار کە بە سیستەمی (پارالێل) یاخود (ئێواران) وەرگیراوە لە کاتی گەڕانەوە بۆ سەر خوێندنەکەی دوای تەرقین قید کردنی بۆ جاری (یەکەم) ڕێژەی (٢٥%) ی کرێی خوێندنیان ساڵانە بۆ زیاد دەکرێت و بۆ جاری (دووەم) ڕێژەی (٥٠%) ی کرێی خوێندنیان ساڵانە بۆ زیاد دەکرێت ، وە بۆ قوتابی/ خوێندکاری ئاسایی بۆ جاری دووەم ڕێژەی (٢٥%) ی کرێی خوێندنیان ساڵانە بۆ زیاد دەکرێت.

ط- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە تەرقین قید کراوە و داوای گواستنەوە یاخود دابەزین دەکات (مەرجی گواستنەوە یاخود دابەزینی هەبێت بەپێی ڕێنماییەکان) بۆ زانکۆیەکی تر ئەوا زانکۆکەی بە نووسراوێک داواکارییەکەی ڕەوانەی ئەو زانکۆیە دەکات کە قوتابی/ خوێندکار بۆی دەچێت ، وە قوتابی/ خوێندکار کرێی خوێندن لەو زانکۆیە دەدات کە گواستنەوە یاخود دابەزینی بۆ کردووە.

ی- ئەو قوتابی/ خوێندکارەی کە بە سیستەمی (پارالێل) یاخود (ئێواران) وەرگیراوە کە داوای دواخستنی خوێندن دەکات لە قۆناغی (یەکەم) پێویستە (٣٠%) ی کرێی خوێندن بدات ، وە ئەگەر ساڵانی دواتر داوای دابەزین یاخود پەیوەندی نەکرد ئەوا ئەو بڕە پارەیەی بۆ ناگەڕێتەوە ، لەکاتی گەڕانەوە ئەگەر سیستەمەکە نەما بوو یاخود قۆناغی نەما بوو یاخود گۆڕا بوو ئەوا قوتابی/ خوێندکار ناتوانێت بگەڕێتەوەو پێویستە بچێتەوە کێبڕکێی وەرگرتن.

## بڕگەی شەشەم:
## پەڕینەوە (عبور):

تایبەت بە وانەی پەڕینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
أ- وانەی پەڕینەوە یەک وانەی ساڵانە و دوو وانەی وەرزی دەبێت.
ب- دوو وانەی وەرزی ئەگەر هەر دوو وانەکە لە یەک وەرز بن و یاخود هەر وانەیەک لە وەرزێک بێت یاحود دوو وانەی وەرزی لە دوو قۆناغی جیاوازدا بێت پەڕینەوە دەیگرێتەوە.
ج- قوتابی/ خوێندکار دەتوانێت وانەی عبور تا قۆناغی کۆتایی لەگەڵ خۆی ببات تاکو لێی دەردەچێت ، بە مەرجێک میچی خوێندنی تێپەڕنەبووبێت.

## بڕگەی حەوتەم:
## دواکەوتنی دەرچوونی بڕیار و فەرمانەکان:

بە مەبەستی پاراستنی ئاستی زانستی و بەرجەستە کردنی دەوامی پێویستی قوتابیان/ خوێندکاران لە کاتی دەرچوونی هەر فەرمانێک یان بڕیارێکی وەرگرتن یان گواستنەوە دوای تێپەڕ بوونی زیاتر لە یەک مانگ لە دەست پێ کردنی دەوامی فەرمی هەر قۆناغێک بە پێی ساڵنامەی زانکۆیی دەبێ ئەو ساڵەی خوێندنی دوابخرێت.